المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:1-20
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان[1] و هەمەجۆری لە زماندا

ئومێد بەرزان برزو[١]، عومەر ئەحمەد عەزیز[٢]
بەشی زمانی كوردی، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی گەرمیان، كەلار، عێراق
omed.barzan@garmian.edu.krd[1]
umer.ahmed@garmian.edu.krd[2]

**الملخص:**

عنوان البحث (العوامل الاجتماعية والتنوع في اللغة)، يتكون البحث من فصلين، خُصِصَّ الفصل الاول لبعض الاسس النظرية و حدود البحث، اما الفصل الثاني تطرقنا الى التنوع و اسباب تكوين التنوع، استخدم البحث منهج الوصفي و تكمن اهمية البحث من حيث بيان اسباب تكوين التنوع في اللغة الكوردية، بالاضافة الى عرض الامثلة متنوعة في المناسبات والمجالات الاجتماعية المتعددة.

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوەكە (هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان و هەمەجۆری لە زماندا)یە، توێژینەوەكە لە دوو بەش پێكهاتوە، بەشی یەكەم بۆ خستنەڕووی هەندێك بنەمای تیۆری و سنوری توێژینەوەكە تەرخانكراوە، بەشی دووەمیش باس لە هەمەجۆری زمانی و ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتیيانە كراوە، كە هەمەجۆری لە زماندا دروستدەكەن، ڕێبازی توێژینەوەكە ڕێبازی پەسنییە، سنوری توێژینەوەكە لە چوارچێوەی زمانەوانی كۆمەڵایەتییدایە و گرنگی توێژینەوەكە ئەوەیە ، ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتییانە دەخاتەڕوو، كە هەمەجۆریی زمانی كوردی دروستدەكەن لەگەڵ هێنانەوەی نمونە لە بۆنە و بوارە كۆمەڵایەتییە جیاجیاكاندا.

## Abstract:

The research entitled (social factors and variation in Language). The research includes two chapters. The first chapter deals with some theoretical bases and the limits of research. The second chapter deals with variation and the reasons for variation. This research used a descriptive statistics approach. The aim of research is describing important factor of linguistics variation in the Kurdish language, in addition to the presentation of examples varied in multiple social and field events.

**پێشەكی:**

زمان بەشێكە لە ژیان، كە تیایدا پەیدابووە و لەگەڵیشیدا بەردەوامدەبێت، بۆیە زمان گرنگترین داهێنانی مرۆڤە بەدرێژایی مێژوویی شارستانیەتەكان، ئەگەر زمان نەبووایە، مرۆڤ نەیدەتوانی پارێزگاریی لە شارستانیەت و كەلتورو ڕۆشنبیری و مێژو و ...تد خۆی بكات. ئاشكرایە زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە و ئامرازی پەیوەندی و لەیەكترگەیشتنە لە نێوان تاك و كۆمەڵەكەی و دەوروبەرەكەیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات، كە كۆمەڵ و زمان پەیوەندییەكی دولایەنە و پتەویان بەیەكەوە هەیە و لەیەكتر جیانابنەوە، تەنانەت یەكەم ئەركی زمان ئەركێكی كۆمەڵایەتییە و وابەستەی كۆمەڵە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییە، واتە سنوری توێژینەوەكە لە چوارچێوەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتیدایە و لە پەیوەندی و كاریگەریی نێوان زمان و كۆمەڵ و جیاوازی بەكارهێنانی دەربڕینەكان لە بۆنە و بوارە كۆمەڵایەتییەكان بەپێی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان و دروستبونی هەمەجۆریی زمانی دەكۆڵێتەوە.لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی پێڕەوكراوە و وەك لێكۆڵینەوەیەكی بواری زمانەوانیی كۆمەڵایەتیش پێویستی بە گەڕان و كۆكردنەوەی دەربڕینەكان لە كۆمەڵەوە هەبووە، هەروەك چۆن (براتراند راسل) پێی وایە، كە (بواری ڕاستەقینەی زمانەوانی لێكۆڵینەوەیە لە دەربڕینەكانی خەڵك)(**هادي نهر، 1988: 18**). گرنگی توێژینەوەكەش خستنەڕوی ئەو هۆكارە نازمانیانەیە واتە هۆكارە كۆمەڵایەتییانەیە، كە دەبنە هۆی دروستبونی هەمەجۆریی زمانی و دەركەوتنی جیاوازی دەربڕین و ئاخاوتنەكان لە بۆنە و بوارە كۆمەڵایەتییەكاندا، چونكە هەمەجۆری و جیاوازی زمانی پەیوەستە بە جیاوازی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

**لێکۆڵینەوەکەش لە دو تەوەر پێکهاتوە:**

لە تەوەری یەکەمدا باس لە کورتەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ، کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتری، پاشان باس لە چەمك و زاراوەی هەمەجۆریی زمانی و گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کراوە.

تەوەری دووەم بە باسکردنی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هۆکارەکانی جیاوازیی بەکارهێنانی دەربڕینەکان تایبەتکراوە، کە وابەستەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەویش (شێواز، ڕەگەز، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، شوێنی جوگرافی، پیشەو بوار یان چینی کۆمەڵایەتی، نەژاد) دەگرێتەوە، هەروەها باسکردنی بۆنەو بوارەکان و هێنانەوەی نمونە بۆیان.

**1/ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:**

**1-1/ کورتەیەك لەبارەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە:**

زمان و کۆمەڵ وەك دوو ڕوی دراو وان و لێکدانەبراون، پەیوەندییەکی بەهێزو توند لە نێوانیاندا هەیە، زمان لەگەڵ پەیدابونی مرۆڤایەتیدا بنەمایەکی گرنگی ژیان و پێویستییەکی بنەڕەتی بووە بۆ گواستنەوەی زانیاری و هەواڵەکان، تەنانەت زمان خاڵی سەرەکی جیاکەرەوەی مرۆڤ و گیانلەبەرانی ترە، هەر بۆیە زمان بەدرێژایی مێژوو گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤ بووە، بەوەی هۆکاری گوزارشتکردنە بۆ بیرکردنەوە و گەیاندنی بۆچون و هەستەکان و لەیەکترگەیشتن بەمەبەستی ڕێککەوتن و پەیوەندی و گونجاندن و لێکنزیکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ، هەروەها زمان بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی گۆڕانیشی بەسەردا هاتوە، بۆیە (زمانەوانە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوە لەو گۆڕانانەدا دەکەن، کە لە بۆنەو شوێنە جیاجیاکاندا بەسەر ئاخاوتنی تاکدا دێن، لە شێوازێکەوە دەچن بۆ شێوازێکی ترو گرنگی بە هۆکاری ئەم شێوازگۆڕینە دەدەن)**(نایف خرما، 1978: 231).**

بەهۆی ئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا کاردەکات، خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە، زمان لە هەمو کۆمەڵێکدا سیستەمێکی گشتی هەیەو تاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەویدەکەن و بەکاریدەهێنن، هەروەها زمان دروستکراوی کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو سروشتی بەکۆمەڵبون دروستیدەکات و هەر تاکێك لە ڕێگەی فێربون و فێرکردن و لاساییکردنەوەی کۆمەڵەوە فێریدەبێت، هەر بۆیە (ناتوانین لە زمان و ڕێساکانی گەشەکردنی بەدابڕاوی لە کۆمەڵ تێبگەین)**(هادي نهر لعيبي، 2009: 10)**، لە هەمان کاتدا یەکێك لەو خەسڵەتەکانی زمان ئەوەیە، کە تاك ناچاردەکات، پەیڕەوی سیستەمەکەی بکات و لێی دەرنەچێت، واتە (زمان تێڕوانینی خۆی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێت)**(هادي نهر، 1988: 39).**

ئەو زمانەی کۆمەڵ پێیدەدوێت، تایبەتییە کۆمەڵایەتی و دەرونی و کەلتوری و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵەیە دەنوێنێت، لە هەمان کاتدا دەتوانرێت بە تایبەتییە کۆمەڵایەتی و دەرونی و کەلتوری و ڕۆشنبیرییەکانی تاکێك، یان خێزانێك، یان دەستەیەك لە خەڵك، یان نەتەوەیەك لە ڕێگەی بەکارهێنان و زانینی زمانەکەیەوە ئاشنابیین، بۆیە کۆمەڵ لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیەوە دەڕوانێتە دنیا، کەواتە زمان لەناو کۆمەڵدا بۆ چەندین گوزارشت و دەربڕین و ئەرکی تر بەکاردێت، لەو ڕوانگەیەشەوە ((کۆزمانەوانی خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە، کە لە نێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی زمان یان زاراردا هەیەو هەوڵی ئەوە دەدات، تێمان بگەیەنێت، کە چۆن خەڵکی دەتوانن، کەڵك لە کانگای زمانیان وەربگرن و بەپێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵدا دەیبینن، قەناعەت بگۆڕن))**(محمد معروف فتاح، 1986: 115)**، واتە ئەم لقەی زمانەوانی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە زمان دەکۆڵێتەوە، بەوەش لێکۆڵینەوە لەو شێوازو ڕێگایانە دەکات، کە زمان و کۆمەڵی مرۆڤایەتی یەکدەخات، بەم پێیەش (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوەی زمان لە ڕوی پەیوەندی بە کۆمەڵەوە دەکات، یان ئەو زانستەیە، کە هەوڵدەدات، یاساو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە، کە ڕەوشتی زمان و ڕەوشتی تاکەکان بەرەو زمان لە کۆمەڵدا ڕون و ڕێکبخات)**(کمال بشر: 52)**، بەو واتایە دەتوانین بڵێین ئەرکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی کاریگەری و کارلێککردنی زمان لەگەڵ کۆمەڵدا، بێگومان تەماشای ئەو گۆڕانانەش دەکات، کە توشی بونیادی زمان دەبێت وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەگەڵ خستنەڕوی ئەو هۆکارانەو دەستنیشانکردنیان.

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2-1/ پەیوەندیی زمانو کۆمەڵ:**

زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە زمان دەبێتە هۆی لەیەکترگەیشتن و دروستبونی کۆمەڵ و بەهۆی زمانەوە پەیوەندی لە نێوان سەرجەم چین و توێژەکاندا دروستدەبێت، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵ سەرچاوەی گەیاندنی زمان و بەکارهێنانی زمانە، واتە زمان لەدایکبوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەمەش پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، بەو واتایە چەمکی زمان و کۆمەڵ بۆ یەکتر داهێنراون، ئامادەنەبونی هەر یەکێکیان ئامادەبونی ئەوی تریان بێبەها دەکات، وەك چۆن لەدایکدەبین، کۆمەڵ وامان لێدەکات، کە پەیڕەوی کۆمەڵێك دابونەریت بکەین، بە هەمان شێوە پێویستە فێری زمان ببین و وەربیگرین و پەیڕەویشیبکەین، بەوەی (زمان بەرهەمی کۆمەڵە و هۆکاری لەیەکترگەیشتن و بەیەکگەیشتنە، بەمەش دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە)**(رشيد عبدالرحمن العبيدي، 2002: 40)**، بەو واتایە زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنێت، بەوەی هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن و هۆکارێکیشە بۆ جیاکردنەوەی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵ، ((جا ئەگەر چالاکی زمانی گرنگترین هۆکاری بەیەك بەستنەوەمان بێت، ئەوا پێشکەوتنی زمانی لای منداڵ لە سێ ساڵی سەرەتای تەمەنیدا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی ئەندامێتی لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت، شێوازی ڕەوشتی یان کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەهۆی زمانەوە دەردەبردرێت و خۆی لە ڕێگەی قسەکردن و گوێگرتن لە دەوروبەرەکەی دەنوێنێت و درك بە شتەکان دەکات))**(بەهار زاير محمد، 2009: 14)**.

پەیوەندیی نێوان دیاردە زمانییەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها کاریگەریی زمان بە دابونەریت و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە کات وشوێنی دیاریکراودا لەو کاتەوە دروستبووە، کە زمانو ژیانی کۆمەڵایەتی هاتوەتە کایەوە، بەم پێیە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات، لەو پەیوەندییە بەتینە بکۆڵێتەوە، کە لە نێوان زمان وکۆمەڵدا هەیە، کە لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕو:

1- ((مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵدا بژی، بە واتای ئەوەی زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، زیاتر بۆ جێخۆشکردنە لەبری پەیوەندی و هەواڵگەیاندن و پرسیارو هەستدەربڕین، کە بەدرێژایی ژیانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنین))**(بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، 2007: 28-29)**.

2- ((زمان پێناسی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات، هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین، قسەکەر خەڵکی کوێیە؟ لە چی بارێکی دەرونیدا دەژی؟ هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەرو گوێگرو دەوروبەری چییە؟ سەر بە چ چینێکەو ڕادەی خوێندەواری چەندە؟))**(محمد مەعروف فەتاح، 1986: 115)**.

3- (زمان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بنچینەیی لە پەیوەندی و پێکەوەگرێدانی ئەندامانی کۆمەڵدا دەبینێت و لە هەمان کاتیشدا هێمایەکە بۆ ژیانێکی هاوبەش)**(هادي نهر لعيبي، 2009: 11)**، واتە ((زمان مرۆڤ و دەوروبەری بە یەکترەوە دەگەیەنێ، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە، کە قسەکەرانی تێیدا دەژین، بەڵگەشمان بۆ ئەم باوەڕو بۆچونە دەیان دەستەواژەو زاراوەی ناو کۆمەڵە، کە ئەگەر بێتو نەیانبەستینەوە بە باری کۆمەڵایەتی وکەلتوری ئەو کۆمەڵەوە، ناتوانین یان ئاسان نییە، لە واتاکانیان تێبگەین))**(بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، 2007: 29)**.

4- (کاتێ زمان فەراهەمدەکرێت، کە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستبێت)**(بريجيته بارتشت، 2010: 299)**، واتە زمان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی وخزمایەتی بنچینەیی پەیوندییە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکانە، بۆیە ئەم دەزگا کۆمەڵایەتییە بەبێ زمان بەڕێوەناچێت، هەر تاکێك بەپێی پێڕەوێکی خزمایەتی بە یەکەوە دەبەسترێتەوە و بەهۆی زاراوەی تایبەتی خۆیەوە نیشانەی بۆ دەکرێت، جا بەپێی ئەم زاراوە خزمایەتییانەو پێڕەوی ڕەوشتی پێیانەوە، کە بەهۆی زمانەوە دەگوێزرێتەوە، نزیکبونەوەی کۆمەڵایەتیو پێکەوەبونیان شتێکی مەحاڵ دەبێت.

5- ئەگەر تاك لەناو کۆمەڵدا نەبێت، فێری زمان نابێت، واتە کۆمەڵ نەبێت، زمانیش بێگومان نابێت، چونکە (مرۆڤ زمانەکەی لەو کۆمەڵەیەوە وەردەگرێت، کە تیایدا لەدایکبووەو ژیاوە)**(وليد رفيق العياصرة، 2011: 20)**، بۆیە تاك وابەستەی کۆمەڵگاکەیەتیو لە هەمان کاتدا زمانەکەیشی وەردەگیرێت وبەکاریدەهێنێت، بەمەش پەیوەست دەبێت بەو ڕێساو سیستەمە زمانیانەی، کە کۆمەڵگاکەی پەیڕەویدەکات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

**3-1/ کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتر:**

بەهۆی بونی ئەو پەیوەندییە بەتین و لێکدانەبڕاوەی نێوان زمان و کۆمەڵ، بێگومان کاریگەریشیان لەسەر یەکتر دەبێت، زمان کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ هەیە، بەپێچەوانەوە کۆمەڵیش کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، هەر بۆیە گۆڕان و گەشە و پێشکەوتنیش لە هەردو لادا ڕودەدەن، چونکە ((بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە کاریگەرییان بەسەر زمانەوە هەیە، ئەگەر بمانەوێت لە دیاردە دەرەکییەکانی زمان بکۆڵینەوە، مەبەست ئەوەیە وەکو خۆی لە حاڵەتی ئێستای زمانی کۆمەڵێك بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێت کاریگەرییەکانی ژینگە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاو ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە لە بەرچاو بگرین))(**بەهزاد موحسین، 2008: 113**)، تەنانەت کەلتورو شارستانییەت و بیروباوەڕ و پلەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی تێڕوانینی خەڵك بۆ ژیان و ...تد کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بۆ نمونە لە کۆمەڵێکدا لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە دەتوانین بزانین خاوەنی چ زمانێکن و هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین ئاستی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی وکەلتوری و ...تد ئەو کۆمەڵەیە بزانین وهەر لەو ڕێگەیەوە مامەڵەبکەین.

**بەکورتی گرنگترین ئەو کاریگەرییانەی، کە زمان لەسەر کۆمەڵ هەیەتی، ئەمانەن:**

1- زمان بەشدارییەکی کارا لە بەجێگەیاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، لەبەرئەوەی (گەورەترین دۆزینەوەی مرۆڤ بەدرێژایی چەرخەکان زمانە، دیارترین جیاوازییە، کە لە گیانەوەران جیادەکرێتەوە، زمان هۆکارێکی کۆمەڵایەتییە و ئامرازی لەیەکترگەیشتنە لە نێوان تاك وکۆمەڵدا، چونکە هەمو تاکێك پێویستی بە قسەکردن وگوێگرتنو خوێندنەوە ونوسین هەیە، بۆیە ئەم چوار هونەرە ئامرازی گرنگن بۆ تەواوکردنی کردەی لەیەکترگەیشتن لە هەموو ڕووەکانەوە، بێگومان ئەم ئەرکەش لە گرنگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانە)(**عبدالعليم ابراهيم، 1978: 44**).

2- کۆمەڵ بەهۆی زمانەوە پارێزگاری لە بیروبۆچونی ئاینی و خوێندنی سروت و وێردە ئاینییەکانی خۆی لەنێو گەلاندا دەکات، هەر بۆیە ئاین لای بەشێکی زۆری نەتەوەکان بووەتە ڕێرەوێك بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی وەك پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شارستانی و بازرگانی و ڕامیاری و ...تد.

3- زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن، یەکێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان خۆی لە خۆیدا ئامرازی گوزارشتکردن و پەیوەندیکردنە، بۆیە (زمان ئەرکێکە تایبەتە بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی وتوانای زگماکی لەسەر گەیاندن وهاوبەشیکردن دەنوێنێت)(**روبير مارتان، 2007: 208**).

4- زمان کلیلێکە بۆ زانین وفێربون وفێرکردن، چونکە ئامادەکردنی تاك بۆ چونە ناو کۆمەڵگاوە پەیوەندیی بە فێربونی زمانەوە هەیە، تاوەکو بتوانێت تێگەیشتن ومامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات.

5- زمان وبیرپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، تەنانەت کاریگەریی دولایەنەشیان لەسەر یەکتر هەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە زمان کاریگەریی لەسەر چۆنێتی بیرکردنەوەو ڕەوشتی مرۆڤ دەبێت، بەو واتایەی ((زمان توانای بیرکردنەوەمان پێدەبەخشێت، کە بۆ خۆمان بیربکەینەوە و لە کۆمەڵەکەماندا هاوکاریی خەڵکانی دیکە بکەین، دواجار زمان پێویستی ئێستا و پلانەکانی داهاتومان دابیندەکات، لە هەمان کاتیشدا هەستکردن و شتە گوزەرکرد وڕابردووەکانیش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت))(**ه.ج. ویدۆوسن، 2008: 5**)، هەر لەم ڕوویشەوە (زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆیەکانی چالاکیی زانستی و بیری و کۆمەڵایەتیمان)(**هادي نهر لعيبي، 2009: 9**).

6- ڕەگی زمان بۆ ناو کۆمەڵ درێژدەبێتەوە و ناتوانین لە کەلتورو دابونەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دایبڕین، چونکە (گواستنەوەی کەلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگەی زمانەوە دەبێت، واتە زمان ئامرازی ئامادەکردنی نەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی کەلتورو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی منداڵ ببێتە بونەوەرێکی کامڵ و ئامادەکراو بۆ چونە نێو کۆمەڵەوە)(**هدسن، 1987: 172**).

7- (زمان ڕێگایەکی گرنگە بۆ پاراستنی میرات و هەروەها گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر)(**وليد رفيق العياصرة، 2011: 28**).

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:1-20
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**هەروەها ئەو کاریگەرییانەی، کە کۆمەڵ لەسەر زمان هەیەتی، ئەمانەن:**

1- زمان وابەستەی کۆمەڵەکەیەتی، کۆمەڵیش بە هەموو هێزو توانایەکەوە پارێزگاری لە مانەوە و زیندوێتی زمانەکەی دەکات، چونکە بە لەناوچوونی ئەو کۆمەڵانە، زمانەکەیشیان لەناودەچێت و دەمرێت، بەو واتایە ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لە ئەو ژینگەیەی کە لێی دەژێت، وەریدەگرێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ژینگەیەشەوە، بە نەمانی ئەو کۆمەڵەیەش، زمان لەناودەچێت، چونکە زمان ئامێری پەیوەندیکردنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵداو تەنانەت شوێنەواری زمان درێژدەبێتەوە بۆ نێو هەموو دیاردە شارستانییەکانی تر، چونکە ئەوەی دەوترێت وەدەکرێت، بۆئەویە کەسانی دی لێی تێبگەن وپەیوەندی لە نێوانیاندا دروستببێت))(**بەهار زاير محمد، 2009: 8**).

2- کۆمەڵ داوای بەکارهێنانی دەربڕینی جیاواز لە بوارو بۆنەکاندا دەکات، بەمەش زمان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە، چونکە کۆمەڵ لە زۆربەی بۆنەو شێوازە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازی دەربڕینی زمانی دروستدەکەن، بەمەش (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بایەخ بە جیاوازییەکانی زمان دەدات، بەتایبەتی هەمەجۆری لەنێو هەمان زماندا)(**Jean Aitchison, 1999: 107**).

3- کۆمەڵ لە ڕێگەی ژینگە ودەوروبەرەکەی تەنها کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی بیرکرنەوەی تاکەکانی دروستناکات، بەڵکو کاریگەریی لەسەر زمانەکەشی دروستدەکات، هەر بۆیە ((بیرکردنەوەی هەر میللەتێك هەڵقوڵاوی بارودۆخ ودەوروبەر و ژینگەیەتی، ژیانی میللەتەکەیە و لەگەڵ میللەتێکی تردا جیاوازە و ئەو زمانەی، کە بیرەکەشی پێدەردەبڕێت، لەگەڵ زمانی میللەتێکی تردا جیاوازە))(**کسپە ئەبوبەکر عەلی، 2011: 22**).


4- جیاوازی شێوازو چین و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزو ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ...تاد کاریگەرییان لەسەر هەمەجۆریی بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکاندا هەیە، بێگومان (هەموو ئەم کاریگەرییانەش لە زماندا بۆ کۆمەڵ ودیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە)(**عدنان بن ذريل، 1980: 47**)، بۆیە زمانەوانە نوێیەکانی وەك فێرس جەخت لەسەر ڕۆڵی دەوروبەر لە دەستنیشانکردنی واتای دەربڕینەکان دەکەن، هەروەها گرنگیش بە بەکارهێنانی دەربڕینەکان لە چوارچێوەی خودی کۆمەڵ، یان کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری یان ئاینی یان زانستی یان پیشەیی دەدەن.

5- ئاستی پێشکەوتن وداهێنانی کۆمەڵ کاریگەرییان لەسەر گەشەو گۆڕانی زمان، هەروەها لەسەر دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بەگشتی و بەتایبەتی هەیە.

دەتوانرێت هەموو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بۆ سێ جۆر کاریگەری پۆلێنبکرێت: (**بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج، 2011: 8**)

1. **کاریگەرییە جێگیرەکان:** بۆ نموونە (نەژاد، توخم/ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی/پاشخانی کۆمەڵایەتی).
2. **کاریگەرییە گۆڕدراوەکان:** بۆ نموونە (خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن).
3. **کاریگەرییە هەنوکەییەکان/دەوروبەر:** ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکانەوە، وەك (کارکردن، ماڵەوە، کۆمەڵی قسەکەران، ...تد).

لە هێڵکاریی ژمارە (1)دا، پەیوەندیو کاریگەریی زمانو کۆمەڵ دەیخەینەڕو:




**هێڵکاری ژمارە (1)**

**پەیوەندی و کاریگەریی زمان و کۆمەڵ**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-20

**1- 4/ هەمەجۆریی زمانی (التنوع اللغوي /Language variation):**


زمانەوانیی كۆمەڵایەتی (وەك بوارێكی فراوان مامەڵە لەگەڵ زۆربەی پسپۆرییەكانی لێكۆڵینەوەی زمان دەكات، هەمەجۆریی زمانیش، یەكێكە لەو بوارە سەرەكیانەی، كە ئەم زانستە لێكۆڵینەوەی لەبارەوە دەكات، ئەم بوارەش زۆر سەرنجی زمانەوانەكانی بەلای خۆی ڕانەكێشابو، هەتا ساڵی شتەكان (1960) كە لەلایەن (ولیام لابۆڤەوە) گەشەی پێدرا، كارەكەی (لابۆڤ)یش لە ساڵی (1966)دا بەناوی (چینە كۆمەڵایەتییەكانی زمانی ئینگلیزی لە شاری نیۆرك) دەستپێدەكات، كە كاریگەرییەكەی گەورەی لەسەر لێكۆڵینەوەی هەمەجۆریی زمانی هەبوو، ئەمەش بو بە سەرەتایەك بۆ دەركەوتنی ڕێباز و ڕێگایەكی نوێ، كە پێی دەوترێت هەمەجۆریی كۆزمانەوانی)**(Naima Ammour, 2012: 24)**، شایەنی باسە (مەبەستی لابۆڤ لە ڕێبازە نوێیەكەی تیۆری هەمەجۆریی زمانیدا: (ئەزمونی، ورد، ڕێبازی نوێبونەوە لە زماندا) بوو، هەروەها ئەم ڕێبازە داتایەكی پتەوی بەكاردەهێنا و شیكردنەوەیەكی بابەتیانەی بۆ داتاكان دەكرد) **(http://albuquerque.bioinformatics.uottawa.ca/Papers/labov.pdf)**.

زاراوەی هەمەجۆریی زمانی (لە زانستەكانی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و شێوازگەریدا بەكاردەهێنرێت، كە دەگەڕێتەوە بۆ هەر سیستەمێكی دەربڕینی زمانەوانی، كە لە بارودۆخێكی جیاوازدا بەكاربهێنرێت. لە هەندێك بارودۆخدا هەمەجۆری بەئاسانی لە زماندا دەستنیشاندەكرێت، وەك ئەو هەمەجۆرییەی كە (هەرێمی یان پیشەیی) دروستیدەكات، بۆ نمونە ئینگلیزیی لەندەن و ئینگلیزیی ئاینی. لە هەندێك بارودۆخی تریشدا هەمەجۆری زۆر گران لە زماندا دەستنیشاندەكرێت وەك لێكۆڵینەوە لە چینی كۆمەڵایەتی، ئەمەش هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەمەجۆرییەی كە (ڕەگەزو تەمەنو پیشە) دروستیدەكات)**(David Crystal, 2008: 509)**. بەم پێیە (لە نێو ئاخاوتنی كۆمەڵدا، ژمارەیەك هەمەجۆریی زمانی هەن، ئاخاوتنی ئەندامانی كۆمەڵیش بەپێی چەند هۆكارێك دەگۆڕێت، لەوانەش: شوێنی جوگرافی، تەمەن، پیشە، باری ئابوری و كۆمەڵایەتی، جیاوازیی ڕەگەزی)**(Jean Aitchison,1999: 108)**، هەر بۆیە هەمەجۆریی زمانی كرۆكی لێكۆڵینەوەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییە. هەروەها (لە ئێستادا بەزۆری هاوواتای زاراوەی بەكارهاتوو بۆ كرانەوە بە ڕووی چەمكی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی لە زاراوەی (زمانەوانیی هەمەجۆری)دا بەرجەستەدەبێت، دیارە زاراوەی هەمەجۆری بە شێوەیەك لە شێوەكان شوێنی زاراوە كۆنەكانی گرتوەتەوە، وەك: شفرە/كۆد، یان زمانی كۆمەڵایەتیی تایبەت، یان بە شێوەیەكی كەمتر بە هۆكاری چینێكی كۆمەڵایەتی ڕێكخراوە)**(انجليكا لينكة واخرون، 2011: 234)**، واتە لێكۆڵینەوە لە هەمەجۆریی زمانی بەشێكی گرنگی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییە، بەو ئەندازەیەی سەرچاوەیەكی پێویست دەبێت بۆ هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان، چونكە زمانەكان لە شوێنیكەوە بۆ شوێنێكی تر، لە گروپێكی كۆمەڵایەتی بۆ گروپێكی كۆمەڵایەتیی تر، لە بارودۆخێكەوە بۆ بارودۆخێكی تر جیاوازن، بەمەش هەمەجۆریی بەكارهێنانی وشەو دەبڕینەكان لە ژیانی ڕۆژانەو دیاردەو بۆنەكاندا دەكەوێتە ژێر كاریگەریی كۆمەڵە جیاجیاكانەوە، هەر لەبەرئەوەش (هەر زمانێك ژمارەیەك هەمەجۆریی جیاوازی هەیەو تاكەكانیشی بەپێی بۆنەكان هەمەجۆریی بەكارهێنانەكانیان دەگۆڕن) **(Ronald wardhaugh, 2006: 315)**. بەگشتی هەمەجۆریی زمانی جەخت لەسەر ئەو جیاوازییانە دەكاتەوە، كە گرنگی كۆمەڵایەتیان لە ڕوی هەڵسوكەوتی گروپ و تایبەتمەندیی تاكەكسییەوە هەیە، هەروەها ئەو كۆبونەوانەی، كە ئەندامانی كۆمەڵ بەشدارییان تێدادەكەن و ئاخاوتن لەسەر بابەتێكی دیاریكراو لە كاتو شوێنێكی دیاریكراودا دەكەن، ئەم بۆنانەش ڕۆژانە دوبارەدەبنەوە و هەریەكەشیان ئامانجێكی تایبەتی خۆی هەیە، بەمەش (هەمەجۆریی زمانی مرۆڤ پەیوەستدەكات بە هەمەجۆریی ئەو كۆمەڵەیەی، كە بەپێی كات و شوێن بەكاریدەهێنێت)**(وليد رفيق العياصرة، 2011: 20)**. هەروەها هەمەجۆریی زمانی لە ڕوانگەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییەوە بە سێ مەرجی سەرەكی پۆلیندەكرێت**(جرهارد هلبش، 2007: 377)**:

1. دابەشبونی جوگرافیی ئاخێوەران، كە دەبێتە هۆی دروستبونی زارو زمانی باو لە هەرێمێكدا.
2. بارودۆخی كۆمەڵایەتیی ئاخێوەران، كە دەبێتە هۆی دروستبونی تایبەتێتی زارەكی.
3. داواكارییەكانی دۆخی پەیوەندییكردن، یان ئەركی پەیوەندییكردن لە ئاستی شێواز، یان لە شێوازی ئەركیدا ڕەنگدەداتەوە.

لێرەدا گۆڕانی زمانو جۆرەكانی دەستنیشاندەكەین، كە تیایدا ئەو هۆكارە زمانیانەی كە وەك گۆڕانێكی ناوەكی لە ئاستەكانی زماندا[2] ڕودەدەن، پاشان ئەو هۆكارە نازمانیانەی واتە هۆكارە كۆمەڵایەتییانەی كە وەك گۆڕانێكی دەرەكی لە دەربڕینو ئاخاوتنەكانی زماندا دەردەكەون و هەمەجۆریی لە زماندا دروستدەكەن، لەم هێڵكارییەدا ژمارە (2) دەیانخەینەڕو[3]:

ص:1-20
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**هێڵکاریی ژمارە** ( 2 )

ئەگەر لەبارەی گۆڕانی ناوەکی و ئەو هۆکارە نازمانیانەی کە دەبنە هۆی دروستبونی گۆڕان لە ئاستەکانی زماندا بدوێین، ئاشکرایە، کە زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، هەمو چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێن، تەنانەت هەمو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان دەبێت و بەپێچەوانەیشەوە، هەروەها ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵدا ڕودەدەن، کاریگەرییان لەسەر زمان دەبێت و بە تێپەربونی کات ئەم گۆڕانانە لە زماندا دەردەکەون، هەر بۆیە گۆڕانە زمانییەکان وابەستەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن، چونکە ((گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەواتا گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەوە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات **(محەمەد مەحوی، 2009: 90)**، هاوکات (بۆ دەرخستن و پەیبردن بە دیاردە و گۆڕانە زمانییەکان، دەبێت بچین زانستی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئەو زمانە بخوێنینەوە، چونکە زمان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانەوانی زانستێکی کۆمەڵایەتییە و تاکە هۆکارێکە بۆ لێکدانەوەی گۆڕانە زمانەوانییەکان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان)**(بەهزاد موحسین، 2008: 113)**، دیارە (لە چوارچێوەی پەیوەندیی گشتیی نێوان زمان و کۆمەڵدا، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بایەخ و گرنگییەکی تایبەت بە گۆڕانی زمانی و جیاوازییەکانی دەدات، هەر بۆیە دوو چەمکی سەرەکین لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا)**(جرهارد هلبش، 2007: 366)**، دەتوانرێت گۆڕانی زمانەوانی لە هەمو ئاستەکانی زماندا بدۆزرێتەوە[(4)]، بۆ نمونە (لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا گۆکردنی دەنگەکان، یان لە ئاستی مۆرفۆفۆنۆلۆجیدا وەک شێوە جیاوازەکانی بەردەوامی (ing) لە ئینگلیزیدا نیشانەی ناوی بکەری و بەرکاری دەنوێنێت، یان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، کە دەکرێت کاتی کردارەکان بگۆڕدرێت، یان لە ئاستی سینتاکسدا وەک نەرێکردن، یان لێکسیکی وەک بەکارهێنانی هەریەک لە (hero) یان (grinder) وەک وشەیەک بۆ دیاریکردنی جۆرێکی تایبەت لە ساندویچ) **.(J.K. Chambers and Natalie Schilling, 2013: 22)**

وەک ئاماژەمان پێدا، دوو جۆر گۆڕان لە زماندا هەن، کە ئەوانیش گۆڕانی (ناوەوە و دەرەوە)ی زمانن، لەم ڕووەوە کاتێک زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینرێت، لە هەمان کاتیشدا وەکو هەمو دیاریدەکانی تری ناو کۆمەڵ دەگۆڕێت، ڕاستە لەگەڵ ڕودانی گۆڕانکاری لە هزرو دونیابینی کۆمەڵدا، زمانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە دونیا بینی مرۆڤەکان بەپێی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

سەردەمەکان دەگۆڕێت، تەنانەت ((هەمو گۆڕانێکیش کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیرو چەمکی نوێ دەهێننە کایەوە، کە پێویستیان بە دەربڕینە))**(فاروق عومەر سدیق، 2011: 50)**، بۆ نمونە ئەگەر بواری زمانەوانی وەربگرین، دەبینین لە ماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵیک چەندین وشە بەکارناهێنرێن و لە جێی ئەوانەدا وشەی تر بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بەپێی مێژوو هەمەجۆری لە زمانێکدا دروستدەکات، بۆ نمونە:

زەمیر ⟵ جێناو

ئیسم ⟵ ناو

سیفەت ⟵ ئاوەڵناو

ئادات ⟵ ئامراز

نحو ⟵ ڕستەسازی

سەرف ⟵ وشەسازی

تەنانەت لە ئێستادا هەندێک وشەی کوردیش بەکارناهێنرێن، وەکو (بۆناو) لە بری ئەوە لە ئێستادا وشەی (جێناو) بەکاردەهێنرێت، هەر بۆیە مرۆڤ لەگەڵ تێپەڕبونی تەمەنی، زمانی ئاخاوتنیشی گۆڕانی بەسەردا دێت، تەنانەت پێویستە دەروربەرەکەیشی بەپێی تەمەنەکەی دەربڕینی زمانی جیاواز بەکاربهێنن.

**2/ هۆکارەکانی هەمەجۆریی زمانی و جیاوازی بەکارهێنانی دەربڕینەکان لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا:**

بەکارهێنانی دەربڕینەکان بەپێی بۆنە و بوارەکان جیاوازن، ئەمەش بەئاشکرا لە شێوازی ئاخاوتنەکاندا دەردەکەوێت، واتە هەموو تاکێک کە لە کۆمەڵێکدا دەژی و تێیدا پەروەردە بووە، بەپێی بۆنەو داردە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ئەو کۆمەڵەیەوە، کۆمەڵێک دەربڕینی زمانی تایبەت بەو دیاردەو بۆنانەوە بەکاردەهێنێت، بەو واتایەی (هەر کۆمەڵێک ژمارەیەکی دیاریکراو لە هەمەجۆریی زمانی هەیە، کە بەپێی ئەرکەکانیان جیاوازن، بۆیە بە بۆچونی (فیشمان) ئەرکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی پەسنکردنی ئەم هەمەجۆرییە زمانیانە و ئەرکەکانیان و ئاخێوەرانێتی، بۆیە دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە ئەم سێ هۆکارە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی زمانیدا)**(جرهارد هلبش، 2007: 366)**، هەروەها چەندین شێوازی ئاخاوتن هەیە، هەر یەکێک لەو ئاخاوتنانەش هەمەجۆرییە، بە شێوەیەکی وردتر هەمەجۆری بەوە دەناسرێت، کۆمەڵێک بابەتی زمانەوانییە، کە هاوشێوەی دابەشکردنی کۆمەڵاتییە، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەوڵی شیکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، کە دەبنە هۆی دروستبونی ئەم هەمەجۆرییە زمانیانە)**(Jean Aitchison, 1999: 107)**.

لە (زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی نوێدا، کۆمەڵێک هۆکاری نازمانی هەن، کە کاریگەرییان لەسەر زمان، یان لەسەر بەکارهێنانی زمانی قسەپێکەرانی کۆمەڵێکی تردا هەیە، وەک: تەمەن، ڕەگەز، پیشە، شوێنکەوتوی کۆمەڵێکی ئاینی، یان سیاسیی دیاریکراو،...تد)**(انجليكا لينكه واخرون، 2011: 234)**. واتە چەند ڕەهەندێکی یان هۆکارێکی نازمانی هەن، کە هەمەجۆری لە زماندا دروستدەکەن، ئەم ڕەهەندانەش پەیوەندییەکی توندیان بە زمانەوە هەیە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، بتوانین ئەو هۆکارە دەرەکیانە دەستنیشانبکەین، کە دەبنە هۆی دروستبونی هەمەجۆریی زمانی بە نمونەی زمانی کوردییەوە بخەینە ڕوو:

**1- هەمەجۆریی زمانی و شێواز (style) .**

**2- هەمەجۆریی زمانی و ڕەگەز (Gender).**

**3- هەمەجۆریی زمانی و تەمەن .(age).**

**4- هەمەجۆریی زمانی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی .(Social levels).**

**5- هەمەجۆریی زمانی و ئاستی ڕۆشنبیری .(Intellectual levels).**

**6- هەمەجۆریی زمانی و شوێنی جوگرافی .(geographical location).**

**7- هەمەجۆریی زمانی و پیشە (occupation) یان چینی کۆمەڵایەتی .(Social-class).**

**8- هەمەجۆریی زمانی و نەژاد .(Ethnic).**

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**2-1/ هەمەجۆریی زمانی و شێواز[5]:**

لە ڕوانگەی پەیوەندیی زمان و کۆمەڵەوە، زمان کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆرە، کە هەریەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەستدەدات، شێواز لە زۆر بواردا بۆ بابەتی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستە (شێواز وێنەیەکی زمانییە، زۆر بەوردی هەست و سۆزو بیروبۆچونەکانی نوسەر دەگوێزێتەوە)(مصطفي لطفي: 199)، بەو واتایەی (سروشتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە)(هادی نهر، 1988: 27-30). ڕۆژانە چەندین بوار و بۆنەی کۆمەڵایەتی کۆماندەکاتەوە، هەریەکەیان شێوازی بەکارهێنانی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە، تەنانەت شێوازی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانەوانیدا هەندێکجار وەک دەرچون، یان لادان لە ڕێگای دەربڕینی ئاسایی و هەندێکجاری تریش وەک هەڵبژاردن لە نێوان چەند دەربڕێکی هاوشاندا سەیرکراوە، هەر لەبەر ئەوەیشە (بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان جێگیرنین، بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕوبدات، کاریگەریی لەسەر شێوازی بەکارهێنانی زمان دەبێت)(هادی نهر، 1988: 27-30)، لەم ڕوانگەیەوە هەر بوار و بۆنەیەک دەربڕین و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە و بۆنەکان دەربڕینەکان دەسەپێنن و کۆمەڵ داوایاندەکات، بۆ نمونە پێگەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئاینی لە کار و پیشەدا کاریگەریی لەسەر شێوازی زمانی ئاخاوتنی تاکەکان هەیە بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و بە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبونی جیاوازی شێوازی ئاخاوتن لەنێوان تاکەکاندا دادەنرێت.

ئاشکرایە، کە شێواز پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە، چونکە کۆمەڵ بڕیار لەسەر پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیدا دەدات، گەر شێوازێک لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەندنەکرێت، ئەوا قسەکەر دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن، یان توڕەبونی بەرامبەری لێدەکەوێتەوە، بۆیە (هەڵبژاردنی شێواز بەندە بە کۆمەڵەوە و دەوەستێتە سەر تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ شێوازەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیان)(**نایف خرما، 1978: 234**)، هەر یەکێک لە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانە بە چەند شێوازێک قسەدەکات، بۆ نمونە مرۆڤ لە ماڵەوە بە شێوازێکی تایبەت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دەدوێت، کە ناگونجێت لەگەڵ دراوسێکەیدا بە هەمان شێواز بدوێت، یان لە زانکۆ و شوێنە فەرمییەکاندا بە شێوازێک دەدوێت، کە جیاوازە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لە بازاڕدا بەکاریدەهێنێت، بەو واتایە (قسەکەر دەتوانێت بە شێوازی جیاجیا قسەبکات، بۆ نمونە دەتوانێت بە شێوازی فەرمی (Formal) بدوێت، یان بە پێچەوانەوە بە شێوازی نافەرمی (Informal) بدوێت)(**Ronald wardhaugh, 2006: 51**). هەندێکجار شێواز لەو ڕوانگەیەوە هەمەجۆریی دروستدەکات، کە کەسەکان پاشخانی ڕۆشنبیرییان جیاوازە، یان پەیوەندی نێوان قسەکەرەکان ڕۆڵدەبینێت، لەوەی لە بۆنەکاندا جیاواز قسەبکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شێوازی قسەکردن هۆکاریی دروستکردنی هەمەجۆرییە، بۆ نمونە ئەو دەربڕینانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگا و شوێنە پیرۆزەکان و دامودەزگا فەرمییەکان و....تد بەکاردەهێنرێن، لەو دەربڕینانەی کە لە دەرەوەی ئەو شوێنانە، یان بازاڕ، یان بۆنەیەکی نافەرمی، یان یاریکردن، ...تد جیاوازە، ئەگەر شێوازی قسەکردنی فەرمی و نافەرمی بۆ سڵاوکردن لەو بۆنانەدا وەک نمونە وەربگرین، کە هەمەجۆری دروستدەکات:

| شێوازی فەرمی سڵاو کردن | شێوازی نا فەرمی لە سڵاو کردن |
| --- | --- |
| ئەم کاتەتان باش | باشن |
| بەڕێزتان چۆنن؟ | ها چۆنن؟ |
| بە یارمەتی کاک محمد لێرەیە؟ | حمە لێرەیە؟ |

**2-2/ هەمەجۆریی زمانی و ڕەگەز[6]:**

لەم ساڵانەی دواییدا، جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا سەرنجی زۆرێکی لە زمانەوانەکان ڕاکێشاوە، بەوەی ((ڕەگەز بە یەکێک لە فاکتەرە چالاکەکان دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردن و پێکهێنانی زاری کۆمەڵایەتی، واتە زمان بەپێی شێوازی بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە دەگۆڕێت، هەروەها لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لە نێوان قسەکردنی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ دروستدەکات، ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ڕێژەکەی دەگۆڕێت))(**شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، 2004: 22**)، هەر بۆیە (زمان لەگەڵ ئەوەی ئەرکێکی مرۆڤایەتییە، ئەرکێکیشە پەیوەستە بە ڕەگەزەوە)(**روبير مارتان، 2007: 67**)، واتە ڕەگەز یەکێکە لە فاکتەرە هەرە چالاکەکانی سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی ئاخاوتن و پێکهێنانی زاری کۆمەڵایەتی و لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لە نێوان ئاخاوتنی ڕەگەزی نێر و مێدا بەدیدەکرێت، لەم ڕوانگەیشەوە دەتوانین بڵێین


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(ئاراستەیەکی تر لە هەمەجۆریی زمانەوانی جیاوازیی ڕەگەزییە، ئەم جیاوازییەش بایلۆجییە، دەچێتە چوارچێوەی جیاوازیی سۆسیۆکەلچەرەوە)(**Mark Aronoff and Janie Rees-Miller, 2003: 579**).

لێکۆڵینەوە لە زمان و ڕەگەز بەسەر دو بەش پۆلێنکراوە: (یەکەمیان لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان: کە چۆن هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، زمان بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنن، دووەمیان: لێکۆڵینەوەیە لە زمانی ڕەگەز، کە چۆن ڕەگەز خۆی لە دەربڕینە زمانییەکاندا دەردەکەوێت)(**Alan Davies and Catherine Elder, 2004: 322**)، بەو پێیە، زمانی ئاخاوتنی هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، بێگومان ئەم جیاوازییەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی سیستەمی ئاینی، یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی، یان ...تد، لەبەرئەوە شێواز و ڕەنگی جیاواز لە ئاخاوتنەکاندا دەبینین، بەوەش بەکارهێنانی زمان لای ژنان لە پیاوان جیاوازدەبن، دەتوانین شێوازی قسەکردنی، یان فەرهەنگی ژنان و پیاوان (نێر و مێ) بەگشتی لەم مەبەستانەدا بخەینەڕو[7]:

1. **بنەمای بەزەقی دەرنەبڕین و بەپێچەوانەوە.**
2. **بنەمای ناسکی و ئاوازی دەربڕین.**
3. **دەربڕینی ڕاستەوخۆ و دەربڕینی ناڕاستەوخۆ.**
4. **تایبەتی فەرهەنگی.**
5. **وەرگرتنی ئاماژە نازمانییەکان لەلایەن ڕەگەزی مێ زیاتر لە پیاوان.**

لەپاڵ ئەم مەبەستانەشدا، بنەمای ڕۆشنبیری لە نێوان هەردوو ڕەگەز و لە نێوان هەر ڕەگەزێکیش بە جیا هۆکارن بۆ دروستکردنی هەمەجۆری، بۆ نمونە زۆرجار لەوانەیە مامۆستایەک ئەم سوێندانە نەخوات (بە گیانی سەرۆک، بە خوێنی شەهیدان، ...تد)، جا نێر یان مێ بێت، بۆیە کاتێک باسی ڕەگەز دەکەین، وەک هۆکاری دروستبونی هەمەجۆریی زمانی، نابێت مەبەستی ڕۆشنبیریی هەردو ڕەگەز، یان هەر ڕەگەزێک بەجیا لەبیربکەین.

| بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان | ڕەگەز | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| **بۆنەی بەخێرهاتن** | یاخوا بەخێربێن، بەخێربێن سەرچاومان، گەورەتان کردین، ڕێزتان هەیە، خوا مۆفەقتان کا، .... | ماڵتان ئاوەدانکردینەوە، بون بە هەنارە شیرینە، ئەوە بۆ دیارنین، عەیب ناکەن خۆتان شاردۆتەوە، چاومان ڕونبووەوە، سەرچاومان هاتن، .... |
| **بۆنەی خواحافیزی** | خواحافیز، خواتان لەگەڵ، لای ئێوەمان خۆش، ئاوەدان بێت، هەر ساحێب ماڵبن، .... | ماڵتان ئاوابێت، خوا ئاوایکات، خوا هەمیشە سفرەتان پڕ بکات، خوا لە قەومایەتی کەمتان نەکات، بە خۆشی بتانبینینەوە،.... |
| **بۆنەی جەژنە پیرۆزە** | جەژنتان پیرۆز، گەردنمان ئازادکە، خوا موبارەکی کا، .... | یاخوا موبارەک بێت، هەر لە جەژناندا بیت، بەخۆشی بتانبینین، .... |
| **بۆنەی منداڵبوون** | جێگەی شانازی دایکوباوکی بێت، ساڵحان بێت، تەمەندرێژ بێت، .... | بە نازی دایکو باوک گەورەبێ، خوا بۆتانی بهێڵێت، بێچاوانی بێت، .... |
| **بۆنەی شایی** | بە باوکی حەوت کوڕ بی، خوا بەرەکەت بخاتە ژیانتانەوە، انشالله خێزانێکی بەختەوەر، .... | خوا لەیەکتان نەکا، پێکەوە پیرو خەرۆ بن ، نۆبەرەت کوڕ بێ، ئاخیرتان خێربێت، .... |
| **بۆنەی داواکردن (خوازبێنی)** | بۆ کاری خێر هاتوین، گەورەمان دەکەن ئەگەر بمانکەن بە خزمی خۆتان، کوڕەکەمان بکەن بە خزمەتکاری خۆتان، ناوناوبانگی بەڕێزتانمان بیستوە، .... | کوڕەکەمان بەئەدەب و بەڕەوشتە، هاتوین دەستتان ماچ بکەین و کوڕەکەمان بکەن بە کوڕی خۆتان، ئێمە هاتوین خزمایەتی بکەین، ڕێکوپێکی و ئەخلاقی کچەکەتانمان بیستوە، .... |
| **بۆنەی پرسە** | خوا عەفوی کا، خوا جەزای خێرتان باتەوە، خوا سەبوریتان باتەوە، بۆ خۆتان خۆش بن، هاوبەشی خەمتانین، دواکۆستان بێت، .... | دەستم شکێ، کوێرایم دایێ، دایکت بمرێ، خۆزگە هەمومان لە دەورت گەڕاینایە،دەستی شکاوم، چاومان کوێربێ، خوا ئاوێرەحمەت بکا بە دڵتانا.... |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| بواری دوعا و نزاکردن (دوعابۆکردن و دوعالێکردن) | خوا موەفەقتکا، خوا ڕەحمت پێبکات، خوا ئاگادارت بێت، تەمەندرێژ بیت، خوا کچێکی چاکت بەنسیب بکا،....<br><br>خوا خەجاڵەتی دونیاو قیامەت بکا، خوا دزو حیزتکا، خوا بتکوژێ، خوا گیانت دەرکا،..... | خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، لە دەورت گەڕێم، دەردت لە من کەوێ،ڕەحمەت لە شیرت، دەردوبەڵات لە من کەوێ، ....<br><br>ئێسکت خواتەوە،ڕەبی گیانت دەرچێ، یارەبی عەمر کۆتابیت، عەوزەلڕ بڕیاو، ..... |
| بواری جنێودان | بێ ئەخلاق، سەرسەری، دین سز، خوێری، بێقیمەت، بەدڕەوشت، بێ دایکوخوشک، بێ شەرەف، هیچوپوچ، نامەرد، سەرسەری، سەرزل، هەتیوی کۆترباز، قۆندەرە،... | بە پەنگ بی، کچە هەتیو، دارزێی، بێ ئسوڵ، بێ شەرم، سەرڕشکن، هەی واوا لێکراو،ڕەنج بێومر بی، دەخەزار، بێ حەیا، بەرەڵا، ماڵانگەڕ، کەوڵەکۆن، زمانلوس، .... |
| بواری سوێند خواردن | بە تەڵاقم، بە شەرەفم، بە گۆڕی مردوم، بە ناموسم، بە شەرەفی خوشکو دایکم، بەکەرامەتم، بە فەخری عالەم، بە زاتو سیفەتی خوا، بە کفنی باوکم، ...... | بە پێغەمبەر، بە کاکە ئەحمەدی شێخ، بە گیانی تۆ، بە گیانی باوکم، بەم نعیمەتە، بە سی جزمەی قورئان، بە شێخی قەرەچێوار، بەماڵی خوا، ...... |
| بواری پاڕانەوە | خوایە بێحورمەتمان نەکەی، خوایە لە شەڕی شەیتان و فیتنەی ئاخر زەمان بمانپارێزیت، خوایە هیدایەتمان بدەی، خوایە بەرەکەتی خۆت بخایتە رزق و رۆزی ماڵ و منداڵمەوە، خوایە دەرگای رزقم لێبکەیتەوە، ..... | خوایە جەرگی پیرم نەسوتێنیت، خوایە زەلیلی دونیام نەکەیت، خوایە لە بەڵای دونیا بمانپارێزیت، خوایە دەروی خێرمان لێبکەیتەوە، خوایە منداڵێیالحانمان پێببەخشیت، ..... |

ئەوەی تێبینی دەکرێت (لە بواری سوێندخواردن، ئەوەیە هەندێک دەربڕین هەن تایبەتن بە ڕەگەزی نێر، بۆیە ڕەگەزی مێ بەکاریاننناهێنن، بۆ نمونە: (بە شەرەفم، بە غیرەتم، بە تەڵاقم، بە ئیمانم،...تد)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کولتوری کوردییە و دەبێتە هۆی هەمەجۆریی زمانی)**(لەم بارەیەوە بڕوانە: پێشکەوت مەجید محەمەد، 2013: 85).**

**3-2/ هەمەجۆریی زمانی و تەمەن:**

تەمەنیش وەک یەکێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە هەمەجۆریی زمانیدا دەگێڕێت، هەروەک کۆزمانەوانەکان لەو بارەیەوە دواون، کە کەسە گەنجەکان بە شێوەی جیاوازتر لە کەسە بەتەمەنەکان قسەدەکەن، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دیاردەی پلەکانی تەمەن ڕۆڵی بەرچاوی لە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان و بەکارهێنانیاندا دەگێڕن، بۆیە زمان لەگەڵ گەورەبونی تەمەن یان هەڵچونی تەمەندا دەگۆڕێت و کاریگەریی لەسەر دەربڕینە زمانییەکانیش دەبێت، واتە ((تەمەنی مرۆڤ کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە و لەگەڵ تێپەڕبونی تەمەندا زمانیش دەگۆڕدرێت، بۆیە هەر تەمەنێک لەویتر جیاوازە و هەلومەرجی زمانیی خۆی هەیە))**(نارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، 2013: 258)**، تەنانەت ئەو شێوازەی کە تاکێک لەگەڵ تاکێکی هاوتەمەنی خۆیدا بەکاریدەهێنێت، جیاوازە لەو شێوازەی کە لەگەڵ تەمەنێکی گەورەتر یان پیرێک بەکاریدەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا چینی تەمەن یەکێکە لەو ڕەهەندانەی کە کاریگەریی لەسەر گۆڕانە زمانییەکاندا هەیە، لەگەڵ گۆڕانی کلتورو دونیابینی مرۆڤەکاندا، دەربڕینەکانیش دەگۆڕێن، بۆ نمونە بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییەوە ئەوانەی بڕوانامەیان هەیە، ئەو دەربڕینانە بەکارناهێنن، چونکە پاشخانێکی خێڵەکی و پیاوسالاری و دواکەوتوییان پێوە دیارە، بەم پێیەش لە دو خاڵدا هەمەجۆری دروستدەکەن، بۆ نمونە ئەگەر بۆنەی پرسە یان بواری سوێندخواردن بە نمونە وەربگرین:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| پرسه | | | |
|---|---|---|---|
| بەپێی ئاستی رۆشنبیری و نەوە (جیل) | | بەپێی رەگەز | |
| نەوەی کۆن | نەوەی نوێ | نێر | مێ |
| دەستی شکاوم، چاومان کوێربێ، جەرگم سوتا، ماڵی روخاندم، .... | خوا عەفوی کا، خوا لە گوناحی خۆشبێت، ... | خوا عەفوی کا، خوا جەزای خێرتان باتەوە، .... | دەستم شکێ، کوێرایم دایێ، دایکت بمرێ، ... |

| سوێندخواردن | | | |
|---|---|---|---|
| بەپێی ئاستی رۆشنبیری و نەوە (جیل) | | بەپێی رەگەز | |
| نەوەی کۆن | نەوەی نوێ | نێر | مێ |
| بە غیرەتم، بە تەڵاقم، بە کەرامەتم، .... | بڕوام پێبکە، دڵنیا بە، بێگومان، .... | بە تەڵاقم، بە شەرەفم، بە دینم، .... | بەو خوایە، بە گیانی تۆ، بە گیانی کاکە ئەحمەدی شێخ، بەو خوایەی ئەچینە بەر دیوانی، .... |

لێرەوە دەردەکەوێت، کە تەمەن بە دوو شێوە هەمەجۆری دروستدەکات، یەکەمیان پێوەندیی بە جیاوازیی تەمەنەوە هەیە، وەک شێوازی ئاخاوتنی (منداڵ و بەتەمەن/گەورە)، دووەمیشیان پەیوەندیی بە دوو نەوەی جیاوازەوە هەیە، واتە جیاوازی شێوازی قسەکردنی (نەوەی نوێ) لەگەڵ (نەوەی کۆن)دا، ئەمەش بەتەواوی لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا رەنگدەداتەوە:

**یەکەم/ تەمەن :**

| منداڵ/ زارۆک | گەورە |
|---|---|
| حەم، حان، دیدە، بەبە، تەتە، بڤە، کخە، ... | خواردن، لێخورین، سەیارە، یاری، منداڵ، ڕۆیشتن، قەدەغەیە، پیس، ... |

ئەو نمونانەی سەرەوە شێوازی ئاخاوتنی منداڵ/زارۆکە، کاتێک لە سەرەتای زمانپژاندایە بە بەراورد بە کەسێک، کە بە تەواوەتی زمانی بەدەستهێناوە، دیارە ئەمەش هەمەجۆری لە دەربڕینەکاندا دروستدەکات.

**دووەم// نەوە (جیل):** دەتوانین لە خوارەوە بەپێی جیاوازی تەمەن، واتە نەوەی کۆن و نەوەی نوێ هەمەجۆریی دەربڕینەکان بەپێی جیاوازی بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بخەینەڕو:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان | تەمەن | |
|---|---|---|
| | نەوەی کۆن | نەوەی نوێ |
| بۆنەی بەخێرهاتن | خوا مۆفەقت کا، دیمانەتان بەخێر، بێرەحم بون، بێمزەرەت بی، بێوەی بی ، سەر دییەمان هاتن، ... | بون بە ئەستێرەی سیوەیل، بیرمان ئەکردن، ماڵەکەتان ئاوەدانکردەوە، چاوو دڵمان ڕون، ... |
| بۆنەی خواحافیزی | ماڵتان ئاوا بێ، خواحافیز، ... | خواتان لەگەڵ، دەتانبینینەوە، خۆشحاڵبوین، ..... |
| بۆنەی جەژنە پیرۆزە | خوا موبارەکی کا، موبارەك بێ، لە جەژندا بن، ... | پیرۆزە، جەژنت پیرۆزبێت، هەر بەخۆشی، ... |
| بۆنەی لە دایکبون | بە نازی دایکو باوکی گەورە بێ، عەمر درێژ بێ ، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، ساڵحان بێت ئینشەڵا، ... | تەمەندرێژ بێت، خوا لێتان نەسێنێت، قوربانی بم، چەن جوانە، ... |
| بۆنەی شایی | پیر و خەرۆ بن، موەفەق بن، ئاخرخێربن، ... | پیرۆزە، بەخۆشی، زۆرم پێخۆش بو، لەخۆشیابن، ..... |
| بۆنەی پرسە | خوا عەفوی کا، خوا جەزای خێرتان باتەوە، خوا سەبوریتان بات، ... | هاوبەشی خەمتانین، دواکۆستتان بێ، خۆتان خۆش بن، ... |
| بواری دوعاکردن | خوا هیدایەتت با، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ، خوا تەخت و بەختی تێکبا، ... | سەرکەوتوبیت، لەشت ساغ بێت، پێنەگەی، ... |
| بواری جنێودان | ئێسکت خواتەوە، عەزەڵاّ بریاو، بێ شەرم، دەماغسز، ... | هەتیو، گێژ، حەپۆل، ئەحۆل، دزوحیز، ... |
| بواری سوێندخواردن | بە گیانی شێخ، بە قەبری پێغەمبەر، بە سەری باوکم، بە سەری تۆ، ... | سوێند بەخوا، بڕوا، پێبکە، قەناعەتت هەبێ، دڵنیا بە، ... |

**4-2/ هەمەجۆریی زمانی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی:**

پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر شێوازی ئاخاوتنی تاک هەیە، کاتێ کەسێک لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە دەبێت بە بەڕێوبەرێکی گشتی، کاروباری ژیان و گوزەرانی دەگۆڕێت، گۆڕانکاری لە شێوازی ئاخاوتنیشدا ڕودەدات، واتە گۆڕانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی تاک گۆڕانکاری لە شێوازی دەربڕینەکانی ڕودەدات، بەو واتایە (لە ئاخاوتندا دەوروبەر یان چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەریی تەواوی لەسەر شێواز و دەربڕینەکان هەیە، بەو پێییە ئامانج و بۆنە و کات و شوێنی ئاخاوتنەکەو تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی قسەکەر و گوێگر، بەشداربووانی ئاخاوتنەکە ناچاردەکەن بە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان، بۆ نمونە ئاخاوتنی هاوڵاتییەک لەگەڵ وەزیرێکدا، هاوڵاتییەکە بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی وادەکات، کە دەربڕینی پڕ ڕێز و گەورەیی هەڵبژێرێت، بەڵام هەمان هاوڵاتی لەگەڵ کەسێکی تردا، کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە خۆی نزمتر بێت، بە هەمان شێواز قسەناکات)**(نایف خرما، 1978: 231)**. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (لە ئاخاوتنیشدا تا پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەر و گوێگر لە یەک دورتر بن، شێوازەکان جیاوازدەبن، هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ دەربڕین و شێوازی تایبەتییان هەیە و پارێزگاریشی لێدەکەن) **(صلاح فضل، 1992: 22)**، بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە ((زانایانی ئاینی، دادوەرەکان، پزیشکەکان، ئاغاکان، پۆلیس، پیاوانی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕامیاری ...تد لە لایەکەوە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی پلەکانی ئاخاوتن دیاریدەکەن، وەک: فەرمانکردن، داواکردن، تکاکردن، پاڕانەوە، لە لایەکی ترەوە هەریەکەیان شێوازی تایبەتییان هەیەو بەرزونزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە پلەکانی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت))(**هێمن عەبدولحەمید شەمس، 2006: 43**)، یان لە کردەی قسەبڕین/نۆرەبڕین، کە پێوەرێکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن، کۆمەڵێک هۆکار وادەکەن، کە گوێگر قسە بە ئاخێوەر ببڕێت، یەکێک لەو هۆکارانەش، پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی گوێگر و هەبونی بەرزی دەسەڵاتە، هەر بۆیە پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەکەی وادەکات، کە ئەو کردەیە چەندین جارو بەردەوام دوبارەبکاتەوە.

**2-5/ هەمەجۆریی زمانی و ئاستی ڕۆشنبیری:**

جیاوازیی خوێندەواری و ڕادە و ئاستی ڕۆشنبیریی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ هۆکارێکی سەرەکی دروستکردنی هەمەجۆرین لە زماندا، وەک مامۆستایەکی زانکۆ لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەواری پیشەوەردا فەرهەنگی قسەکردنیان جیاوازە، بۆ نمونە لەوانەیە وشەکانی وەک (دیموکراسی، فەیلەسوف، لۆژیک، وانەبێژی، داتاشۆ، خشتەی وانەکان، ...تد) لە فەرهەنگی پیشەوەردا نەبن و بەکارنەهێنرێن، بەڵام مامۆستایەکە بەپێی پێویستی پیشەکەی ئەم وشانە بەکاردەهێنێت، بە پێچەوانەیشەوە لەوانەیە وشەکانی (دروێنە، خەرماشە، مەلۆ، شەن، کێشەکردن، ....تد) لە فەرهەنگی مامۆستادا نەبن و بەکارنەهێنرێن، بەڵام جوتیارەکە بەپێی پێویستی پیشەکەی ئەم وشانە بەکاردەهێنێت، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەوەی، کە (فەرهەنگی زمان ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵەیەیە، کە بۆ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنێت، بەشێوەیەک کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری دەردەکەوێت، گەر لێکۆڵینەوە لە پەند و ئیدیەمەکانی هەر کۆمەڵێکدا بکرێت، ڕادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کۆمەڵەکە ڕوندەبێتەوە، بۆ تاکیش بە هەمان شێوە لە ئاوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی دەربڕینەکاندا دەردەکەوێت، پلەی خوێندەواری و نەخوێندەواری چەند و چۆنە، هەروەها لەناو خوێندەوارەکانیشدا بەپێی پلەی خوێندەوارییان شێوازەکانیان دەگۆڕێت)((**محمود السعران، 1985: 24) لە (ڕێژنە مەعروف حوسێن، 2010: 31) وەرگیراوە)**. شایەنی ئاماژەکردنە ((ئەم دیاردەیە زیاتر زمانی ئەو میللەتانە دەگرێتەوە، کە لە میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهانن، چونکە بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردەیە پێویستمان بە بونی ڕێژەیەکی بەرچاو هەیە، کە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەن، بە نمونە زمانی کوردی زۆر بەزەقی ئەم دیاردەیەی تێدا بەرچاودەکەوێ، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاوی لە خوێندەوار و نەخوێندەوار تێدایە، کە زمانی ئاخاوتنیان لە ڕوی دەربڕینی ڕاستی و دروستی وشە و زاراوەوە جیاوازە))(**بەهزاد موحسین، 2008: 119**)، بۆیە ((هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی بگری، یاسا و قسەکردن و کەلتوری خۆی هەیە، کە تاکەکانی توێژەکە پەیوەستن پێیەوە، بۆ نمونە لەناو توێژی خوێندەواردا جۆرێک قسەکردن هەیە، هەروەها بابەتەکانیشیان لە هی خەڵکی نەخوێندەوار جودایە، هەروەها قسەکردنی خەڵکی لادێ لە هی شار جیاوازە، بابەتی قسەکردنەکانیشیان جودایە))(**بەهار زایر محمد، 2009: 75**)، تەنانەت ((ڕۆشنبیری و شارستانییەت لەو دیاردانەن، کە ڕەنگدانەوەو کاریگەرییان لە زماندا هەیە، بە شێوەیەک کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی ڕۆشنبیری و پلەی شارستانییەت دەردەکەوێ. گەر لێکۆڵینەوە لە پەند و ئیدیەمەکانی هەر کۆمەڵێکدا بکرێت، ڕادەی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی کۆمەڵەکە ڕوندەبێتەوە، بۆ تاکیش بە هەمان شێوە لە ئاوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی دەربڕینەکانیدا دەردەکەوێت))(**هێمن عەبدولحەمید شەمس، 2006: 44**)، ئەمانەش بەو واتایانە دێن، (هەر لە شێوازی ئاخاوتنی یەک کۆمەڵدا خوێندەوار و نەخوێندەوار جیادەکرێنەوە، لە هەمان کاتدا لەناو خوێندەوارەکانیشدا بەپێی پلەی خوێندەوارییان شێوازەکان دەگۆڕێت)(**محمود السعران، 1958: 34**)، چونکە (گەشەی ڕۆشنبیری تاک بە شێوەیەکی تایبەتی دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی زۆر بەرچاو لە وشە و دەربڕینەکانیدا، تەنانەت لە چۆنێتی گۆکردنی دەنگەکانیشدا کاریگەریی خۆی هەیە) (**نایف خرما، 1978: 224-225**)، بۆ نمونە ئەو کۆمەڵەی کە تێڕوانینی بۆ ژیان لە دەسەڵات و هێزەوە گۆڕاوە بۆ یەکسانی و هاوکاری، شێوازو دەربڕینیان لە ئاخاوتندا گۆڕانی بەسەردا هاتوە، هێندە گرنگی بە نازناوەکانی وەک (بەگ، ئاغا، کاک، خانم، خاتو، شازادە، پاشا، سەرۆک، سەید، شێخ،...تد) نادەن، واتە کۆمەڵی پێشکەوتو حەز بە دەسەڵات و پلەوپایە ناکات، بۆیە دەربڕینەکانی (دەستت ماچدەکەم، بە خوڵامت بم، خزمەتکارێکی تۆمان بووە، کارەکەرێکی تۆمان بووە، هەروەها دەست بە سنگەوەگرتن و نوشتانەوە و کڕنوشبردن، ....تد) بەکارناهێنن.

**2-6/ هەمەجۆریی زمانی و شوێنی جوگرافی:**

زمانەوانیی جوگرافی (Geolinguistics) (لقێکی زانستی زمانە، کە لێکۆڵینەوە لە دابەشکردنی جوگرافیای زمانەکان بە گەڕانەوە بۆ سیاسەت و ئابوری و باردودۆخی کەلتوری لە جیهاندا دەکات، هەروەها پێشیدەوترێ ( Geographical linguistics)، ئەم زاراوەیە زۆر بەوردی بۆ نزیکبونەوە و گەیاندنی جوگرافی زارەکان و لێکۆڵینەوەی زاری شاری و جوگرافیای مرۆیی لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت)(**David Crystal (1992: 153**)، واتە شوێنی جوگرافی وەک فاکتەرێکی تر ڕۆڵی خۆی لە دروستکردنی هەمەجۆری زمانی لەناو کۆمەڵدا دەبینێت، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان بە هەمەجۆریی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

هەرێمی (Regional variants) ناودەبرێت، (هەمەجۆریی هەرێمی کەرەستەی زانستی جیاوازە، لەوانەش زانستی زارەکان[8] (dialectology) و زمانەوانیی ئەتڵەسی[9] (Atlas Linguistic)، هاوکات لەگەڵ هەمەجۆریی کۆمەڵایەتی[10]، زاری هەرێمیش[11] هۆکاری سەرەکی دروستبونی هەمەجۆرییە لە زمانێکی دیاریکراودا و خۆی لە چەند ئاستێکدا دەبینێتەوە، وەک: ئاستەکانی دەربڕین (pronunciation)، ڕێزمان (Grammar)، فەرهەنگسازی (vocabulary) **(Wat wolfram and Natalie schilling, 2016: 125-127)**، ئاشکرایە، کە (زانستی زارەکانیش یان لێکۆڵینەوەی زارەکان بە کۆنترین زانست دادەنرێت، کە بایەخ بە جیاوازییە زمانییەکان واتە هەمەجۆریی زمانی دابێت)**(جرهارد هلبش، 2007: 377)**، تەنانەت (هەندێک لە زمانەوانەکان جۆرەکانی هەمەجۆری بەم جۆرەیە دەستنیشاندەکەن[12]: 1- هەمەجۆریی مێژوویی (Diachronic variation)، 2- هەمەجۆریی تایپۆلۆجی (Typological variation)، 3- هەمەجۆریی هەرێمی/زاری (Area/dialectical variation)، یەکێک لەو جۆرانەش کە هەمەجۆری لە زماندا دروستدەکات، زاری هەرێمییە یان جوگرافییە، کە بە هەمەجۆریی هەرێمی یان جوگرافی ناودەبرێت) **(Terttu nevalainen…etc., 2006)**، هەر بۆیە زار (دیالێکت)و شێوەزار (ئەکسێنت) هەمەجۆریی هەرێمی یان جوگرافی لە زماندا دروستدەکەن، ئەمەش هۆکاربو، بۆئەوەی (سەرەتای دەرکەوتنی زانستی زارەکان وەک لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بو، توێژەران بیریان لێکردوە، کە جیاوازی زارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی شوێنەکە، ئەمەش وای لە وارلیوس و دامەزێنەرانی تری زانستی زارەکان کرد، بگەنە ئەو باوەڕە بەهێزەی لەبارەی پەیوەندیی نێوان هەمەجۆریی زارەکان بە شوێنی جوگرافییەوە)**(J.K. Chambers, 2000: 1-2)**، کەواتە شوێنی جوگرافی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی لە دەرکەوتن و پەیدابونی زار و شێوەزارەکانی و فراوانبونی لە هەر زمانێکدا دەبینێت و هەمەجۆریی زمانی دروستدەکەن، ئەگەر نمونەی زارو شێوەزارەکان زمانی کوردی بهێنینەوە، وەک:

**کچ = کەنیشک = کناچە = کیژ = دوێت**
**سپی = چەرمی**
**سەرین = سەنیا = باڵیشت**
**قاپی = دەرگا**
**دەڵێم = ئەڵێم = ئێژم = دەرێم**

**2-7/ هەمەجۆریی زمانی و پیشە یان چینی کۆمەڵایەتی:**

زاراوەی چینی کۆمەڵایەتی (social class) بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەرەتای سەدەی (19) بەکارهێنرا پاش کۆتایهێنانی شۆڕشی پیشەسازی و سیاسیی سەدەی (18)، لەم بارەیەوە (Trudgill) پێناسەی چینی کۆمەڵایەتی بەم جۆرە دەکات (ئەم زاراوەیە بۆ ئاماژەکردن بۆ هەر چینێکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵدا بەکاردێت)**(Trudgill, 1995: 23)**، هەروەها (Wardhaugh) دەڵێت "زانایانی کۆزمانەوانی چەند پێوانەیەکی جیاوازیان بۆ پۆلێنکردنی کۆمەڵ بەکاردەهێنا، لە کاتێکیشدا هەوڵیاندەدا، کە شوێنی تاکەکان لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی دیاریبکەن، لەنێو ئەم پێوانانەشدا دەتوانین باسی پێوانەی پیشەیی و پەروەردەیی بکەین، بۆ نمونە لە جەزائیر بەهۆی تایبەتێتی جوتزمانییەوە، ناتوانین هەمەجۆریی زمانی بە گروپە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە ببەستینەوە، بەڵام دەتوانین کۆمەڵ بەپێی ئاستی پەروەردەییان پۆلێنبکەین، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەریتانیا ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی وادادەنێن، کە قسەکەر لە چینێکی کۆمەڵایەتیی باڵا یان نزم دیاریبکەین لە ڕێگەی بەکارهێنانی دیالێکتەوەکەیەتی)**(Wardhaugh, 2006:148)**، هەر بۆیە (زمانەوانەکان لە کۆنەوە دەزانن، کە زارو شێوەزارە جیاوازەکان پەیوەندییان بە جیاوازی پاشخانی چینی کۆمەڵایەتییەوە هەیە)**(Trudgill, 1995: 28)**.

لێرەشەوە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بایەخێکی بەرچاوی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتیە زمانییەکان داوە، کە بۆ کۆمەڵە پیشەییەکان یان چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەبەرئەوەشە ((هاریس) بانگەشە بۆ لێکۆڵینەوەی کاریگەریی چالاکییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان لەسەر شێوازی زمانی ئەو چالاکییە دەکات، ئیتر لە ڕۆژنامە یان ئەدەب یان زانست یان پیشەوەردا بێت)**(هادی نهر لعیبی، 2009: 143)**، بەو واتایەی ((هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ بەپێی جۆری پیشەکەی، زمانی قسەکردنیشی جیاوازە، هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بێگومان پیشەکانیش لەنێوان خۆیاندا دەکرێت، جیاوازی ئاشکرایان لە ڕوانگەی بەکارهێنانی دەربڕاوی بەرێزانە و تابووەوە تێدا بەدیبکرێت))**(ئارام عەبدولواحید حەمەرەشید، 2013: 267)**، هاوکات (لە زمانی هەمو تاکێکدا تایبەتێتی وای تێدایە، کە ئاماژە بۆ شوێنی کۆمەڵایەتی یان بەلایەن کەمەوە ئاماژە بۆ هەمان بوار یان چینی کۆمەڵایەتی دەکات، لەوانەشە ئاماژەبێت بۆ بواری ئەو پیشەیەی کە دەیزانێت)**(نایف خرما، 1978: 223-224)**، تەنانەت (جیاوازی ڕێزمانی لە نێوان ئاخاوتنی دو قسەکەردا هەیە، ئەمەش ئەو تێروانینەمان دەدەنێ لەبارەی پاشخانی کۆمەڵایەتییانەوە، زۆرجار ئەو


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جیاوازیانەش لە ڕێگەی جیاوازی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجییەوە دەبینرێن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی هەمەجۆریی زمانی بەکاردەهێنن)**(Trudgill, 1995: 22)**، بۆ نمونە بەکارهێنانی زمان لەو بوارە جیاوازانەی کە بەپێی پسپۆڕی و زانستە جیاوازەکان هەن، فەرهەنگ و وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەم تایبەتییەش هەمەجۆری دروستدەکات، زمانیش بەپێی بوارەکان یان پیشەکان دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش هەمەجۆریی دەربرین دروستدەکات، واتە هەر بوارێک یان پیشەیەک دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو زمانەی بۆ قسەکردن لەبارەی بابەتێکی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت، جیاوازە لەوەی کە لە بابەتێکی زمانەوانی بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە مامۆستای زانکۆ ڕاستە کۆمەڵێک دەربڕاوی هاوبەشیان هەیە، کە زۆر دووبارەدەبنەوە، بەڵام بەپێی بوار و پسپۆڕێتییان فەرهەنگی زمانەکەیان دەگۆڕێت، بۆ نمونە مامۆستایەکی کیمیا جیاواز لە مامۆستایەکی زمان قسەدەکات، لە کیمیادا زاراوەکانی وەکو (ئاناڵایت و لاب و توخم و ...تد)، لە زمانیشدا (دەنگ و وشە و ڕستە، ڕێزمان و ...تد) دووبارەدەبنەوە.

کۆزمانەوانی لەو ڕوانگەیەوە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ پیشە و پیشەسازی دەبەستێت، لەو سۆنگەیەوە ڕووبەرێک لە پیشەسازیدا بۆ خۆی بۆ لێکۆڵینەوە داگیردەکات، کە شێوەی ئاخاوتنی هەر پیشەکارێک لەگەڵ پیشەکارێکی دیکە جودایە، ئەویش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەهۆی ئەوەی کە ئەو پیشەکارە لەگەڵ چەند تاکێکی دیاریکراو لە ژینگەیەکی دیاریکراو سەروکاری هەیە، کەواتە ناچارە، کە زمانەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لایەنانەی باسمانکردن، بەمەش جیاوازی لە بابەتەکانی ئاخاوتنیش دروستدەبێت و دەبێت زمانەکەی ڕەنگدەرەوەی پیشە و کەسایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو بێت، وەک ئەوەی ئاشکرایە، کە زمانی ئاخاوتنی کەسێکی سیاسی لە هی شوانێک جودایە، مەبەست لەو جیاوازییە، جیاوازی بابەتەکانی ئاخاوتنیان نییە، بەڵکو شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەیە، کە تایبەتن بە کێڵگەی پیشەیی، هەر یەکێکیان و بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان هەڵیاندەبژێرن.هەر لە چوارچێوەی چینی کۆمەڵایەتیدا، (هەژاری و دەوڵەمەندی)یش هەمەجۆریی زمانی دروستدەکەن، هەریەک لەم وشانە بەلای گەنجێکی کرێکارەوە ئەگەر نامۆش نەبن، زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێن: (مۆڵ، کۆفی، مینی مارکێت، ڕیستورانت، باڕ، ...تد)، بەڵام بەلای کەسێکی دەوڵەمەند ئەم وشانە زۆر بەکاردەهێنن، بۆیە شێوەی ئاخاوتنی ئەو دو کەسە بەهۆی ئاستی ئابورییەوە هەمەجۆری دروستدەکات.

پیشەو چینی کۆمەڵایەتی وەک (دوکاندار، بەرگدور، تەنەکچی، ئەندازیار، دادوەر، مامۆستا، مامۆستای زانکۆ، فیتەر، ...تد) دەربڕینیان جیاوازە، واتە هەر پیشەیەک کێڵگەیەک وشەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم پێیەش خودی ئەم کارو پیشانە هەمەجۆری لە زماندا دروستدەکەن، واتە ((زمانی کەسێک بەتایبەتی فەرهەنگی زمانەکەی بەپێی کارەکەی دەگۆڕێت، چونکە ئەو زاراوانەی تێدەکەوێت، کە لە کارەکەیدا بەکاردێ و هەر یەکەیان زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنن))**(محەمەد مەعروف فەتاح، 1990: 104)**، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە کاتێک لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەشداردەبن، هەندێک جار ئەو جیاوازییانە لەدەستدەدەن و دەبنەوە بە تاکێکی کۆمەڵایەتی وەکو ئەندامێکی تری کۆمەڵەکە قسەدەکەن، بۆ نمونە:

| دکتۆر | فیتەر | مامۆستای زانکۆ | بەرگدور | دادوەر |
|---|---|---|---|---|
| ئامۆکسیلین | ئیسپانە | تویژینەوە | دوباخەڵ | تاوانبار |
| ئاڤاس | مەکینە | وۆرکشۆپ | کەتافە | تۆمەتبار |
| پاراسیتامۆڵ | نۆزڵ | دیباجە | ڕانکیی | مادەی یاسایی |
| سیدی سکان | فیتپەمپ | سیمینار | شیرازە | ئەمرقەبز |
| بەستەر | سلندەر | وایت بۆرد | ئۆڤەر | کەفالەت |
| هیمۆگلۆبین | | ماجیك | زنجیرە/تەقەڵی ورد | حەپس/تەوقیف |

هێنانەوەی ئەم نمونانە تەنها بۆ بەرچاوڕونی بو، کە چۆن فەرهەنگی هەریەک لەم کار و پیشانە لەیەکتر جیاوازن، هەروەها هەریەک لەو کار و پیشانەش لەنێو خۆیاندا جیاوازییان لە دەربڕینیاندا هەیە.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 1-20
المجلد (3) – العدد(2) , كانون الآول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**8-2/ هەمەجۆریی زمانی و نەژاد (Ethnic) :**

نەژاد یەکێکی ترە لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، (کە ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندییە هاوبەش و باوانە دەکات، کە لە نێوان گروپێکی دیاریکراودا هەن، وەک ئاین و زمان و کەلتور)(**https://www.dictionary.com/browse/ethnic**) ، واتە (گروپی نەژادی/ئیتنیکی ئەو کۆمەڵە خەڵکەن، کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە دەناسرێنەوە، لەوانە: هۆکاری کەلتوری، نەژادی، ئابوری، سیاسی، زمانی، ئاینی، ...تد، لەنێو ئەم هۆکارانەشدا، دەتوانرێت زمان بە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی جیاکەرەوەی گروپەکان دابنرێت، کە گروپێک خەڵک لە گروپەکانی تر جیادەکاتەوە، بۆیە زمان هەمیشە بەشێکی گرنگە لە شوناسی کەلتور و ئەندامێتی گروپەکاندا)(**Trudgill, 1995: 41**)، بەم پێیەش زمان بە هاوڕێیەکی گرنگ و بنچینەیی ئەندامێتی گروپێکی ئیتنیکی دادەنرێت، دەتوانین جیاوازی زمانی ئینگلیزی ئاخێوەرانی ڕەشپێست و سپیپێستەکانی ئەمریکا وەک نمونە وەربگرین، کە لە بنەڕەتدا ڕەشپێستەکان ئەفریقین، بۆیە لە ئەکسێنتدا و بەتایبەت لە ئاستی دەنگسازی و گۆکردنی دەنگەکان لە سپیپێستەکان جیاوازن، یان (بڕوانینە زمانی ئینگلیزی، ئەوا دەبینین لەلایەن چەندین نەتەوەی جیاوازەوە قسەی پێدەکرێت، بۆ نمونە شاری لەندەن لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ژمارەیەکی زۆر پەنابەری بۆ چووە، لەوانە پەنابەرانی هیندی و پاکستانی و بەنگالی، هەریەک لەم پەنابەرانە خاوەن زمان و کەلتور و نەریتی خۆیانن، لەناویشیاندا زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، کاتێک زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی دووەمیان، ئەوا ئەکسێنتی جیاوازیان دەبێت لە خەڵکە بەنەژاد لەندەنەکە، بەم جۆرە شێوازێکی تری زمانی ئینگلیزی لە لەندەن پەیدادەبێت، کە ئەو شێوازە ئینگلیزییە، کە لەلایەن هیندی و پاکستانی و بەنگالییەکانەوە قسەی پێدەکرێت، کە ئەکسێنتێکی جیاوازە، هەر بۆیە ئەم جیاوازییەش هەمەجۆری لە زمانی ئینگلیزیدا دروستدەکات، ئەم هۆکارەش هۆکارێکی دەرەکییە و هاوکات لەگەڵ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تری وەکو (ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی و تەمەن و ...) ڕۆڵ لە هەمەجۆریی زمانیدا دەبینن، ئەم هەمەجۆرییەش لە ئاستەکانی زماندا ڕەنگدەدەنەوە، بەتایبەت لە ئاستی دەنگسازی و گۆکردنی دەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا)(**Paul Kerswill, 2012: 34**)، هەروەها ئەو ئاوارە عەرەبانەی کە لە پاش پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە و بەتایبەتی پاش شەڕی داعشەوە هاتونەتە کوردستان و نیشتەجێبونە، بەناچاری فێری زمانی کوردی خۆیانیان کردوە، بۆیە ئەو زمانە کوردییەی کە بەڕەگەز عەرەبەکان قسەی پێدەکەن، وایکردوە، کە جیاوازی زمانی دروستببێت، وەک شێوازی گۆکردن و درکاندنی دەنگەکان و شوێنگۆڕکێی دەنگەکان و هەندێکجاریش جیاوازی فەرهەنگی و ڕێزمانی وایکردوە، کە زمانی کوردیی عەرەبەکان لە هی زمانی کوردیی کوردەکان جیاوازتربن، بەمەش نەژاد هۆکارێکی تری هەمەجۆریی زمانییە.

**ئەنجامەکان:**

1- گرنگیدان بە هەمەجۆریی زمانی و ڕونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆریی زمانی، یەکێکە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی گرنگی پێدەدات، بەوەی کە هەمەجۆریی زمانی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بە هەردو میتۆدی چۆنێتی و چەندێتی شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ داتاکان دەکات، هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی لە نێوان هۆکارە ناسەربەخۆ زمانییەکان و سەربەخۆ کۆمەڵایەتییەکان دەدات، کە پەسنی ئەو جۆرە زمانە دەکەن، کە بەکاریدەهێنین.

2- هەمەجۆریی زمانی لە ئەنجامی گۆڕانی ناوەکی و گۆڕانی دەرەکیی زمان پەیدادەبێت، گۆڕانی ناوەکی لە هەمو ئاستەکانی زمان وەک دەنگی و ڕێزمانی و فەرهەنگی و واتایی ڕودەدات و هەمەجۆریی زمانی دروستدەکەن، هەروەها لە گۆڕانی دەرەکیشدا چەندین هۆکاری نازمانی/کۆمەڵایەتی، وەک (شێواز، ڕەگەز، تەمەن، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، ئاستی ڕۆشنبیری، شوێنی جوگرافی، پیشە یان چینی کۆمەڵایەتی، نەژاد) گۆڕان لە زماندا دروستدەکەن، بەوەش هەمەجۆری لە زماندا دەهێننە کایەوە.

3- چەندێتی و چۆنێتی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی فەرهەنگ و جیاوازی دەربڕینە زمانییەکانیش لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەپێی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان و سەردەم و دەوروبەرەکەی دەگۆڕێت و گۆڕانی بەسەردا دێت.

4- بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی دابونەریت و کەلتورە جیاوازەکان وا لە کۆمەڵ دەکەن، کە دەربڕینی زمانی جیاواز تایبەت بە جیاوازی ئەو بۆنە و بوارانەوە بەکاربهێنن، ئەمەش وا لە تاکی هەر کۆمەڵێک دەکات، کە بەپێی جۆری دیاردە و بۆنەکان، جۆری دەربڕینەکان بەکاربهێنن و پێوەی پابەندبن، بێگومان ئەمەش دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی ئەو کۆمەڵەیە لە دەربڕینی زمانی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەنوێنێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

**پەراویزەکان:**

1. شایەنی باسە (Jean Aitchison) زاراوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (Social factors) بەکاردەهێنێت، کە تیایدا باس لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی دەکات، کە هەوڵی شیکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (زار و ئەکسێنت و ڕەگەز و شێواز و گۆڕان و ...تد دەداتو دەبنە هۆی دروستبونی هەمەجۆریی زمانی)، بڕوانە: **(Jean Aitchison, 1999: 107).**

هەروەها (Naima Ammour) لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژە بۆ کۆمەڵێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکاری دەرەکی دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی زمان هەیەو هەمەجۆری لە زماندا دروستدەکەن، وەك: (چینی کۆمەڵایەتی، شوێنی جوگرافی، نەژاد، ڕەگەز، تەمەن، شێواز، ...تد)، بڕوانە: **(Naima Ammour, 2012: 25).**

بەڵام (هۆگر مەحمود فەرەج) زاراوەی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان (العلامات الاجتماعية - Social deixis)ی بەکارهێناوە، مەبەست لە نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیش پلەو پایەی قسەکەرو چین و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ڕەگەز و تەمەن و باری خزمایەتی و ... لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری لەگەڵ گوێگردا لە ڕێی وتنەوە بەپێی دەوروبەر دەگرێتەوە. بڕوانە: **(هۆگر مەحمود فەرەج، 2000: 141-142).**

2. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی (چەمك و پێناسەی گۆڕان و هۆکارەکانی گۆڕان و گۆڕان لە ئاستەکانی زماندا)، بڕوانە: **(نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و شوکر محەمەد ساڵح، 2014: 1-19).**

3. بیرۆکەی داڕشتنی ئەم هێڵکارییە لەم سەرچاوانەوە وەرگیراوە:

**ا- (محەمەد مەعروف فەتاح، 1990: 103-124).**

**B- http//jilaniwarsi.tripod.com/lc.pdf**

4. بۆ خستنەڕوی گۆڕان لە هەمو ئاستەکانی زمان و هێنانەوەی نمونە بۆیان، بڕوانە:

**ا- (محەمەد مەعروف فەتاح، 1990: 114-124).**

**ب- (نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و شوکر محەمەد ساڵح، 2014: 1-19).**

5. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی (شێواز و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتن هەیە)، بڕوانە:

**ا- (شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، 2004: 6-12 و 61-100).**

**ب- (هێمن عەبدولحەمید شەمس، 2006: 33-45).**

6. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی (زمانو ڕەگەزو تیۆرەکانی، هۆکارەکانی پەیدابونی جیاوازی ڕەگەزی، جیاوازی دەربڕینەکان لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕەگەز)، بڕوانە: **(پێشکەوت مەجید محەمەد، 2013).**

7. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم مەبەستانەوە، بڕوانە:

**ا- (محەمەد مەعروف فەتاح، 2010: 93-95).**

**ب- (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، 2007: 63-64).**

8. زانستی زارەکان: لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی دیالێکتەکانە، بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی چەمكو پێناسەو سەرهەڵدانی ئەم زانستەوە، بڕوانە: **(عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، 2009: 15-24).**

9. مەبەست لە (زمانەوانیی ئەتڵەسی: نەخشەیەکە یان زنجیرە نەخشەیەکە، کە زانیارییە دیالێکتییەکان لەناو ڕوبەری جوگرافیدا پیشاندەدات)، بڕوانە: **(David Crystal, 1992: 101).**

10. هەمەجۆری کۆمەڵایەتی لە زماندا بریتین لە: (زاری کۆمەڵایەتی، پیشەو چینی کۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز، پاشخانی نەژادی، شێواز، ئایدۆلێکت)، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

**(https://rua.ua.es/dspace/bitstream/10045/4332/15/Handout%205_Language%20Variation.pdf)**

11. زاری هەرێمی شێوە زمانێکی دیاریکراوە، کە لە ڕوبەرێکی جوگرافیی تایبەتدا قسەی پێدەکەن، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

**(https://www.thoughtco.com/regional-dialect-1691905 )**

12. کاتێك گۆڕانی مێژویی لە زماندا ڕودەدات، هەمەجۆریی مێژویی دروستدەکات، هەروەها تایپۆلۆجی هەمەجۆری لە زماندا دروستدەکات، کاتێك جیاوازی دابەشبونی مۆرفیمەکان لە قاڵبی وشەکان چ بەپێی گۆڕانی بارودۆخی مێژویی بێت، یان دیالێکت هۆکار بێت، ئەوا بەم هەمەجۆرییە دەوترێت هەمەجۆریی تایپۆلۆجی، هەروەها زارو شێوەزارەکان لە زماندا هەمەجۆری

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دروستدەکەن، بەم جۆرەشیان دەوترێت هەمەجۆریی هەرێمی یان جوگرافی، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Terttu nevalainen…etc., 2006)

## سەرچاوەکان:


**ا- بە زمانی کوردی:**

1- ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف (2013)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

2- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (2007)، زارو شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

3- بەهار زایر محمد (2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین.

4- بەهزاد موحسین (2008)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژ.(129)

5- پێشکەوت مەجید محەمەد (2013)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

6- شاخەوان جەلال فەرەج (2011)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، تێزی دکتورا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

7- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (2004)، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

8- کسپە ئەبوبەکر عەلی (2011)، پەیوەندیی بیرو زمان لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی.

9- فاروق عومەر سدیق (2011)، لەدایکبونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

10- ڕێژنە مەعروف حوسێن (2010)، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین .

11- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد (2009)، ئەتڵەسی زمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان - زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

12- محەمەد مەعروف فەتاح (1986)، سنوورو بنەماو ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(112)

13- محەمەد مەعروف فەتاح (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

14- محەمەد مەحوی (2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

15- هێمن عەبدولحەمید شەمس (2006)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی کۆیە.

16- هۆگر مەحمود فەرەج (2000)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، تێزی دکتورا، کۆلێجی زمان - زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

17- ە.ج. ویدۆوسن (2008)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، و/ هۆشەنگ فاروق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

18- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و شوکر محەمەد ساڵح (2014)، گۆران لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ.(4)

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

19- انجليكا لينكه واخرون (2011)، دراسات في علم اللغة، ت/ أ.د. سعيد حسن بحيري، الطبعة الاولى.

20- بريجيته بارتشت (2010)، مناهج علم اللغة، ت/ أ.د. سعيد حسن بحيري، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع .

21- جرهارد هلبش (2007)، تطور علم اللغة، ت/ أ.د. سعيد حسن بحيري، مكتبه زهراء الشرق، الطبعة الاولى، القاهرة.

22- رشيد عبدالرحمن العبيدى (2002)، مباحث في علم اللغة واللسانيات، الطبعة الاولى، بغداد.

23- روبير مارتان (2007)، مدخل لفهم اللسانيات، ت/ د. عبدالقادر المهيري، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان.

24- كمال بشر، التفكير اللغوى بين القديم والجديد، مكتبة الشباب، جامعة القاهرة، دار الثقافة العربية.

25- فلاح فضل (1992)، علم الاسلوب مبادئه واجراءاته، قاهيرة.

26- عدنان بن ذريل (1980)، اللغه والاسلوب، دمشق.

27- عبدالعليم ابراهيم (1978)، الموجة الفني لمدرسي اللغه العربية، دار المعارف، مصر.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1

المجلد (3) – العدد(2) , كانون الأول 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

28- مصطفى لطفي، اللغة العربية في اطارها الاجتماعي، معهد الانماط العربي.

29- محمود السعران (1958)، اللغه والمجتمع، بنغازى.

30- نايف خرما (1978)، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.

31- هدسن (1987)، علم اللغه الاجتماعي، ت/ محمود عبدالغني عياد، بغداد.

32- هادى نهر (1988)، علم اللغه الاجتماعي عند العرب، بيروت، الطبعة الاولى.

33- هادى نهر لعيبى (2009)، اللسانيات الاجتماعيه عند العرب، عالم الكتب الحديث، اربد - الاردن، الطبعة الاولى.

34- وليد رفيق العياصرة (2011) ، التفكير واللغة، دار أسامه للنشر والتوزيع، الاردن - عمان، الطبعة الاولى.

**پ- به زمانی ئینگلیزی:**

35- Alan Davies and Catherine Elder (2004), The handbook of applied Linguistics, First Edition, Blackwell publishing Ltd, UK.

36- David Crystal (2008), A dictionary of linguistics and phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing.

37- David Crystal (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Black Well: Oxford.

38- Ronald wardhaugh (2006), An introduction to sociolinguistics, Fifth edition, Cambridge - UK.

39- Jean Aitchison (1999), Linguistics, London - UK.

40- J.K. Chambers (2000), Region and Language Variation, University of Toronto.

41- J.K. Chambers and Natalie Schilling (2013), The handbook of Language variation and change, second Edition, Blackwell publishing Ltd, UK.

42- Mark Aronoff and Janie Rees-Miller (2003), The handbook of Linguistics, Blackwell publishing Ltd, UK.

43- Naima Ammour (2012), A sociolinguistic Investigation of Language variation in the speech community of Nedroma, master degree, University of TLEMCEN.

44- Wat wolfram and Natalie schilling (2016), American English Dialects and variation, Third edition, UK.

45- Wardhaugh, R. (2006), An Introduction to Sociolinguistics, 5th Edition. Blackwell Publishing LTD.

46- Paul Kerswill, (2012) Language variation 1 – social factors: class and ethnicity. In: Clayton, Dan, (ed.) Language, English and Media Centre, London.

47- Trudgill, P. (1995), Sociolinguistics: An Introduction to Language and Society, England.

48- http//jilaniwarsi.tripod.com/lc.pdf.

49- https://www.dictionary.com/browse/ethnic.

50- https://www.thoughtco.com/regional-dialect-1691905.

51- https://rua.ua.es/dspace/bitstream/10045/4332/15/Handout%205_Language%20Variation.pdf .

52- Terttu nevalainen, Juhani klemola and Mikko Laitinen (2006), Types of variation, USA.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.2.1